# فەتح ئیسلامیش هەر قاعیدەیە



ڕێکخراوی قاعیدەی ئیسلامی کە لەدونیای ئەمڕۆدا بە گەورەترین ڕێکخراوی تیرۆریستی جیهان ناودەبرێت، یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی کە لە شێوەی شانە شێرپەنجەییەکاندا کار دەکات. ئەگەر لە شوێنێک بەرەو لاوازی بڕۆن، لە شوێنێکی دیکە سەرهەڵدەداتەوەو خۆی دروست دەکاتەوە، بە تایبەتیش لەو ناوچەو وڵاتانەی کە ئێستا کێشەو ململانێی نەتەوەیی و ئایینی زەقیان تێدایە. دوای شکستی ئەو ڕێکخراوەیە لە ئەفگانستان و لەناودانی ئەنسار ئیسلام لە کوردستان و پاشانیش کوژرانی زەرقاوی لە عێراق، هەروەها دوای زەقبوونەوەی کێشەکانی لبنانی پاش ڕەفیق حەریری ئەو ڕێکخراوە بیریان لە دروستکردنی گروپێکی ئیسلامی سوننە مەزهەب کردووە. ئەمەش لەلایەک بۆ ڕاگرتنی بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڵکشانەی شیعیەی کە لە لبنان گەشەی کردووە، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ کۆکردنەوەو گرێدانەوەی ئەو موجاهیدانەی کە لە جیهان پەرتەوازە ببوون، هەندێکیان فەرمانی گرتنیان لەلایەن وڵاتانی خۆیانەوە، یان لەلایەن ئەمریکاوە بەدواوەیە. ئەوەبوو لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٦ یەکەم بەیاننامەی گروپێکی ئیسلامی نوێ بە ناوی فەتحول ئیسلامەوە لە ئۆردوگای فەلەستینی نشینی نەهرولباردی باکوری لبنان بڵاوکرایەوە کە شاکر ئەلعبسی وەکە سەرۆکی ئەو گروپە دەستنیشان کرابوو. لەدوای داگیرکردنی فەلەستین و بەشێک لە باشووری لبنان لەلایەن ئیسرائیلەوە بە ئاگاداری کۆمکاری عەرەبی دوازدە ئۆردووگای جیاواز بۆ فەلەستینیەکان لەناو خاکی لبنان کرانەوە. بەپێی ڕێککەوتنەکان ئەو ئۆردووگایانە جۆرێک لە سەربەخۆیی سەربازییان هەبوو، نە سوپای لبنان بۆی هەبوو بچێتە سەریان، نە چەکدارە فەلەستینیەکانیش بۆیان هەبوو بە چەکەوە بچنە ناو لبنانەوە. هەڵبژاردنی ئەو ئۆردووگایە لەلایەن گروپی فەتحولئیسلامەوە لەبەرئەوەی کە ئەوێ باشترین و ئارامترین و گونجاوترین شوێنی کارکردنە هەتا بە چاکی خۆیان دروست دەکەن و گەشە دەکەن.

ئەم گروپە بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵکی فەلەستین دروشمی سەربەخۆیی و ڕزگاری هەتاسەری خاکی فەلەستینیان لەچنگ یەهودیەکانەوە بەرزکردبۆوە، سەرەتا وا خۆی دەرخست کە ئەمان تەنیا فەلەستینین، بەڵام دوای ئەوەی کە پێشێلکاری بڕیارە کۆنەکان بوون و چەک وتەقەمەنی زۆریان لەخۆ کۆکردەوە بوون بە هەڕەشەیەک بۆسەر حکومەتی لبنان، کەشێکی وای هێنایە ئاراوە کە سوپای لبنان بڕیارە چەک داماڵینی ئەو گروپە دەربکات و هێرش بکاتە سەر ئۆردووگاکەیان. بە گوێرەی چەک و تەقەمەنی و کوژراوەکانیان بێت ئەمانە لەچەند وڵاتێکی عەرەبییەوە پشتیوانیان هەیە، بە تایبەتیش لە سوریاوە، چونکە هەر کاتێ لێکۆڵینەوەکان لە کێشەی کوشتنی ڕەفیق حەریری هەنگاوێک بەرەو پێشەوە بچێ، یەکسەر کێشەیەک لە لبنان زەق دەبێتەوە، هەتا سەرنجی جیهانیان بۆ ئاراستەیەکەی دیکە بگۆڕێ ، چونکە بە کوشتنی ڕەفیق حەریری تۆمەتبار کراوە.

پێکهاتەی ئەم گروپە لە پاشماوەکانی عصبة الانصار و جنود الشام و ئەوانەی کە لە عێراقدا تەنگیان پێ هەڵچنراوە، لەگەڵ بەشێکی زۆر لە فەلەستینیەکان پێکهاتووە. شاکر ئەلعبسی کە بە کوشتنی خاتوو لۆرانس باڵیۆزی ئەمریکا لە ئوردن تۆمەتبار کراوە، یەکێکە لە توندڕۆکانی ئیسلامی و مەیلی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی هەیە، بەوهۆیەشەوەر بووش سەرکۆماری ئەمریکا و سارکۆزی سەرکۆماری فەرەنسا پشتیوانی لە حکومەتی لبنان بۆ چەککردنی ئەم گروپە دەکەن. بەشێک لەلایەنە حکومی و سیاسیەکانی ناو لبنان تووشی بارێکی دەروونی خراپ هاتوون، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو هەڵچوونە تازەیەوە.

ئەمین لحود سەرۆکی پەرلەمانی لبنان و حەسەن نەسروڵڵای سەرۆکی حزبوڵڵا. ئەمین لحود لەبەر ئەوەی سوننەیە پێیخۆشە ئەو گروپە نەمێنێ، بەڵام بەهۆی ناکۆکی نێوان خۆی و فوئاد سەنیۆرە لەسەرەتادا ئیدانەی کارەکانیانی نەکرد، هەروەها حزبوڵڵاش دەترسێ کە بڕیاری ١٥٥٩ جێبەجێ بکرێ و دوای ئەو گروپە دەست بۆ ئەوان درێژ بکرێ و داوای چەک دانانیان لێ بکرێ.

بۆچوونەکان دەیسەلمێنن کە ئەمانیش بەشێکن لە قاعیدە چونکە بەشێکی زۆری چەکدارەکانیان لە تونسی، جەزائیری، عێراقی، یەمەنی و وڵاتانی دیکەوە پێکهاتوون، تێکڕایان فەلەستینی نین، هەر بۆیە سوڵتان ئەبو ئەلعەینێن سەرۆکی ڕێکخراوی فەتحی فەلەستینی داوای چەک کردنیان دەکات و زۆر دژایەتیان دەکات. بۆچوونی دیکەش هەیە کە دەڵێ ئەمانە وەکو تاڵیبانی ئەفگانستان دروست کراون و مەبەستێکی گرنگی ئەمریکی لە پشتەوەیە. هەرچۆنێ بێ هەموو هەڵچوونێکی تیرۆریستی و هەموو شەڕێکی ناوخۆ لە ئاکامدا زیان بە کێشە گەورەکەی گەلانی ناوچەکە دەگەیەنێ کە ئاشتی و ئارامی ناوچەکەیە.

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە چاودێرانی سیاسی لبنان پێیانوایە کە ئەو گروپە توندڕەون، هەڵگری بیروباوەڕی قاعیدە و بەرنامەی سوریاو بۆ بەرژەوەندی ئەو وڵاتە کار دەکەن. هەرچەندە جگە لە سوری خەڵکی وڵاتانی دیکەشیان لەگەڵە بەڵام یسولی ئیشکردنی قاعیدە وایە و باوەڕیان بە سنوورو ناسنامە نیە. بەردانی **شاکر ئەلعبسی** لەزیندان بۆ خۆی نیشانەی ئەوەیە کە ڕێنمایی کراوە، بەڵام ئەو ڕەتی دەکاتەوەو دەڵێ: ئەگەر من بۆ سوریا کارم بکردایە، سوریا مانگی ڕابردوو زاواکەمی دەستگیر نەدەکرد کاتێ دەیویست بۆ جیهاد لە سنوور بپەڕێتەوە. زۆرینەی سەرکردەکانی لبنان لەو باوەڕەدان کە نابێ دانوستاندن لەگەڵ فەتحولئیسلام بکرێ، ئەوان پێیانوایە کە دەبێ بە ڕێگەی سەربازی چارەسەر بکرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دانین کە خەڵکی سڤیل زیانمەند ببن. با بزانین داهاتوو چۆن دەبێ !



نەوزاد حوسێن

# وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ دەرچوون لە گێژاوی عێراق پەنا بۆ UN دەبات

ئامادەکردن و وەرگێڕانی سیروان شوانی

ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی لە زاری بەرپرسێکی گەورەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە ئاشکرای کردووە کە ئەمریکا بەمەبەستی دەربازبوونی لە گێژاوی عێراق دەیەوێ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ناو عێراق ڕابکێشێ و هەبوونی سەربازی خۆی لەو وڵاتەدا کەم بکاتەوە، ئەمەش پاس ئەو شکستەی دێ کە لە پلانی گێڕانەوەی ئاسایشی بەغداد وەدەستی هێناوە.

ڕۆژنامەکە نووسیویەتی کە ئەمریکا گەرەکیەتی ڕۆڵی زیاتر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ژاپۆن و یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی دراوسێی عێراق بدات و بەوهۆیەشەوە شکستەکانی خۆی لە عێراق پەردەپۆش بکات.

سەرچاوەکە بە ڕۆژنامەی گاردیانی ڕاگەیاندووە کە بەڕێوەبەرێتی ئەمریکا دەیەوێ لە چەند بوارێکەوە پێشکەوتن مسۆگەر بکات. یەکەمین ئەوەیە کە پشتیوانی سیاسی و ئابووری نێودەوڵەتی بۆ حکومەتی عێراق پەیدا بکرێ، لەهەنگاوی یەکەمدا هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان جێگەی هێزەکانی ئەمریکا بگرنەوە. دووەم لەسەر ئاستی هەرێمیدا هەوڵ دەدرێ کە پشتیوانی وڵاتانی عەرەبی بۆ نوری مالکی سەرۆکوەزیران مسۆگەر بکرێ، ئەمەش بەمەبەستی دوورخستنەوەی مالکی لە کۆماری ئیسلامی ئێران و گەڕانەوە بۆ بازنەی وڵاتانی عەرەبیدا.

سێیەمیان بەهۆی پشتیوانی نێودەوڵەتی و وڵاتانی عەرەبی ڕۆڵی ڕێکخراوە تەکفیریەکان کەم بکرێتەوە، عەرەبی سوننە لەوان جیا بکرێتەوەو ئەندامە توندڕۆکانی سوپای مەهدی نەرم بکرێن و هەوڵ بدرێ سنووری ئێران و سوریا چاودێری بکرێ و ڕێگە بە هاتنەژووری تیرۆریستان نەدرێ.

سەرچاوەکە پێیوایە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دواین وێستگەدا هەوڵی گواستنەوەی دەستەڵات بۆ ڕەوتی سەدر دەدات و ئەوان سەرپشک دەکات، چونکە ئەزموونی ڕابردوو سەڵماندوویەتی بێبەشکردنی ڕەوتی سەدر لە دەستەڵات ڕەوشەکە بەرەو قەیرانی گەورەتر دەبات.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژنامەکە ئاماژەی بە هەوڵەکانی ژەنەراڵ دێڤید پاتریوس فەرماندەی هێزە فرە ڕەگەزەکانی جێگیر لە عێراق دەکات کە مانگی ئەیلولی ڕابردوو نەخشەی بۆ کێشابوو، جۆرج بووشی سەرکۆماری ئەمریکاش بڕیاری دابوو کە بیست و هەشت هەزار سەربازی دیکە ڕەوانەی عێراق بکات.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بە ژمارەی سەربازە کوژراوەکانی ئەمریکا داوەو ڕایگەیاندووە کە تا ئێستا ئەوەی ئاشکرابووە، زیاتر لە سێ هەزار و چوار سەدو سی سەرباز گیانی خۆیان لەدەست داوە.

لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست لە ژمارەی ڕۆژی چوار شەممەدا نووسیوی بووی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیەوێ لە ڕێگەی دانوستاندنەوە تەواوی هێزە سیاسیەکانی عێراق بەرە پرۆسەی سیاسی ڕابکێشێ. ئەمەش بە هاوکێشەی هەموارکردنی شەڕ لێکدەداتەوەو دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە کۆپاکی کێشەی عێراق بکات و خۆی لێی بکێشێتەوە.

ڕۆژنامەکە لەزاری چەند سەرچاوەیەکی گەورەوە کە نەیان ویستووە ناوەکانیان ئاشکرا بکرێن، نووسیویەتی کە پلانێکی نهێنی لە ئارادایە، ستراتیژی نوێی ئەمریکاش ئەوەیە کە دەمارگیرە توندڕۆکان لە هێزەکانی ناوخۆی عێراقی دوور بخرێنەوە.

واشنتۆن پۆست دەڵێ: ستراتیژی نوێ لە هەوڵی هاوبەشی دێڤید پاتریۆس و ڕایان کرۆکەر بەرجەستە دەبێ کە بڕیاروایە لە کۆتایی ئەم مانگەدا یەکلایی بکرێتەوە.

ستراتیژە نوێکەش ئەوەیە تا کۆتایی ٢٠٠٨ هێزەکانی ئەمریکا لەسەر ئاستێکی بەرزدا پێگەو دەستەڵاتی خۆیان لە عێراق بپارێزن و ١٤٤ هەزار سەرباز دەست پێوە بگرن.

بەرپرسانی ئەمریکا ڕایانگەیاندووە کە نەخشەی سەرکەوتوو ئەوەیە کە هێزە سیاسیەکانی عێراق لەناو خۆیاندا ڕێکبکەون، کۆتایی بەو شەڕە نێوخۆییە بهێنن کە ماوەی چەند ساڵێکە درێژەی پێدەدرێ وبزاڤی یاخیبووەکانیش سەرکوت بکرێ.

واشنتۆن پۆست پێیوایە کە چالاکی سەربازی ئەمریکا لە ستراتیژی نوێدا ئەوەیە کە گیانی خەڵکی سڤیل بپارێزرێ. بە تایبەتیش لە شوێنە پڕ لە گێژاوەکانی وەکو بەغدادی پێتەخت ، ئەمەش لە جێگەی ئەوەیە کە دەستەڵات ڕادەستی هێزەکانی ناوخۆی عێراقی بکرێتەوە.

ڕۆژنامەکە دەنووسێ کە ستراتیژی نوێ جەخت لەسەر گۆڕینی چەند بەرپرسێکی گەورەی عێراقی دەکاتەوە، بە تایبەت ئەوانەی کە شێلگیرانە ئاراستەی تاییفی و ڕەگەزپەرستی برەو پێدەدەن.

سەرچاوەیەکی ئاسایشی ئەمریکا بە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستی ڕاگەیاندووە کە نەخشەی نوێ جەخت لەسەر نەهێشتنی پێشێلکاریەکانی تایفی دەکاتەوە. بە تایبەتیش ئەوانەی کە کوشتن و ڕەشەکوژی بەڕێوەدەبەن یان تێیدا بەشداری دەکەن و ڕێگە لە چاکسازی سیاسی و یاساییدا دەگرن.

هەر لە پێوەندی ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا سەرچاوەکان گرژی و ئاڵۆزیەکانی ناوخۆی لبنان و فەلەستین بە ئاستەنگی گەورەی سەر ڕێگەی ستراتیژی ئەمریکا لێکدەدەنەوە.

سەرچاوەکان پێیانوایە کە ستراتیژی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هەوڵدەدرێ بە پشتیوانی سەرانی وڵاتانی عەرەبی بەڕێوەبچی، سوودێکی گەورەی بە فەرمانڕەوا دیکتاتۆرەکانی ناوچەکەدا گەیاندووە، مەیلی توندڕۆیی و نەیاری دژ بەوانی کەم کردۆتەوە، ئەمەش بە دژی خەونی بە دەموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەواو دەبێ، ستراتیژی و بانگەشەکانی ئەمریکا لەبەردەم باهۆزێکی گەورەدا خۆی دەبینێتەوە. ئەمریکا لە لایەکەوە هەوڵ دەدات بە پشتیوانی وڵاتانی عەرەبی کە هەموویان دیکتاتۆرو سەرەڕۆن دەستەڵاتی سوریا و ئێران لە عیراق و ناوچەکەدا کەم بکاتەوە، بەڵام ئاگای لەوە نیە کە بەهێزبوونی دەستەڵات و بەرفراوان بوونی پێگەی سەرانی وڵاتە عەرەبیەکان ڕێگە لە پرۆسەی دیموکراسی دەگرێ و ناوچەکە بەرەو دیکتاتۆری ڕەها دەگێڕێتەوە.

سەرچاوەکان پێیانوایە کە هەنووکە سیاسەتی دیبلۆماسی ئەمریکا زیاتر پشت بە کاردانەوە دەبەستێ و ڕق و کینە برەو پێدەدات و لە ڕەوەندی ئاشکرایی خۆی دوور کەوتۆتەوە. ئەو سەرچاوانە پێیانوایە کە لە پەروەندی ڕۆژهەڵاتی گرگرتوودا حکومەتی ئەمریکا تەنیا هەژدە مانگی لەبەردەم ماوەتەوە، یان دەبێ دان بە دۆڕان و هەرەسی خۆی بهێنێ، یان دەبێ لەو ماوەیەدا پێشکەوتنێکی بەرچاو مسۆگەر بکات و شکستەکانی خۆی پێ بشارێتەوە. شاردنەوەی شکستەکانیش لە ڕکێشانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ناو گێژاوی عێراق خۆی دەبینێتەوە.

سەرچاوەکان پێیانوایە کە واشنتۆن لەبەرانبەر دەستەڵات و پێگەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا هەرەسی هێناوەو نەیتوانیوە لە ئامانجەکانی خۆی کە دابڕان و گۆشەگیرکردنیەتی سەرکەوبکەوێ. وێڕای ئەوەی کە ئەمریکا هەوڵی لێبڕاوانەی داوەو ڕاشکاوانە پشتیوانی لە نوری مالکی ( شیعە ) دا کردووەو هەوڵیشی داوە دانوستاندێکی شەرمەزارانە لەگەڵ ئێران دەست پێبکات، بەڵام بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لەجیاتی پێشکەوتن، پاشەکشەی پێکراوەوبە زیانی خۆیشی تەواو بووە.

هەرچەندە لە سەرەتای مانگی ئایاردا ئەمریکا دانوستاندێکی دڵتەنگانەی لەگەڵ وەلید موعەلیمی وەزیری دەرەوەی سوریا ئەنجام دا، بەڵام بۆ دانوستاندنی لەگەڵ ئێران جگە لە دیداری چاوەڕوانکراوی نێوان باڵیۆزەکان هەنگاوێکی دیکە لەئارادنیە، ئەمەش پێچەوانەی خواستەکانی واشنتۆنەو هێندە باروبووی پێناکەن و لە خەونەکانی نزیکی ناکەنەوە.

بەهۆی لەرزۆکبوونی پێگەی ئەیهود ئۆلمێرتی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ونادیاربوونی چارەنووسی، بەشێک لە هەوڵ و تواناکانی ئەمریکا بەفیڕۆ ڕۆیشتوون، بەوهۆیەشەوە کۆندۆلیزا ڕایسی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گەشتەکەی خۆی بۆ ناوچەکە هەڵوەشاندەوە. لەوانەیە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ستراتیژی نوێی ئەمریکا بکات و بەختی سەرکەوتنی کەمتر بکاتەوە.

هەر لەپێوەندی ئەو ستتراتیژە نوێیەدا شۆن ماکۆرماک وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داخباری خۆی دەربڕی و ڕایگەیاند کە ئێستا هێزە توندڕۆکانی ناوچەکە دەیانەوێ هەوڵ و کۆششەکان بۆ گەیشتن بە ژیانێکی باشتر مایەپوچ بکەنەوە. بەوهۆیەشەوە ئەرکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە دژ بەوانە بوەستێتەوە کە دانوستاندن و ئاشتەوایی سیاسی ڕەت دەکەنەوە. ئەرکی وڵاتانیشە کە پشتیوانی پرۆسەی دیموکراسی بکەن. ناوبراو ئەمەی بە کارێکی سەخت و دژوار دانا.

ستیفین کۆک شارەزا لە بواری پەیوەندیە دەرەکیەکان پێیوایە کە واشنتۆن نەیتوانیوە یاری دانوستاندنی سەرکەوتوو لەگەڵ سوریا ئەنجام بدات، هەرچەندە کە ڕایەڵەی دیبلۆماسی خۆی نەپچڕاندووە، بەڵام شێوازێکی نەگونجاوی پێڕۆکردووە.

ئەو شارەزایە پێیوایە کە سیاسەتی دیبلۆماسی لەسەر گوتەی گۆچان هەڵتەکاندن ئاکامی باشی لێناکەویتەوە، دەبێ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕەفتاری خۆی لەبەرانبەر سوریاو ئێران و وڵاتانی دیکەدا بگۆڕێ، ئەوسا لەوانەیە لەبەشێک لە خەونەکانی خۆی نزیک بکەویتەوەو دەلیڤەیەک بۆ سەرکەوتنی ستراتیژەیەکەی بمێنێتەوە.